ترمپ کتایبی هاتنی داخستنی حکومتی ڕاگەیاند کە ماوەی 43 ڕۆژی خایاند



دۆناڵد ترمپ، سەرۆکی ئەمریکا ئەمڕۆ پێنجشەممە، کتایبی هاتنی داخستنی حکومەتی ڕاگەیاند کە ماوەی 43 ڕۆژی خایاند و وە هەی کشە لە کەرتە ئابوریە گرنگەکانی وڵاتەکەدا، هەروەها دیموکراتەکانی بەهەکاری سەرۆکی داخستنی حکومەت و دەخی وڵاتەکە زانی.

دۆناڵد ترمپ، لە وتارەکدا دوای پەسەندکردنی پڕۆژە یاسایەک لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە کە کتایبی بە درێژترین داخستنی حکومەت لە مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا دەهێنێت و بودجە بە حکومەت دەگەڕێنێتەوە، وتی، "کتایبی هاتنی ئەم داخستنە ڕادەگەیەنم، و بینیمان کە بازاڕی پشکەکان گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی".

سەرۆکی ئەمریکا دوپاتیکردەوە کە "بە واژەکردنی ئەم یاسایە، حکومەتی فیدراڵی ئێستا دەست بە کارە ئاساییەکانی دەکاتەوە و"هەوەماندا بە کتاییهێنان بە داخستن و دوبارەکردنەوەی حکومەتی ئەمریکا، و بەوەش موچەی کارمەندانی کارگێڕی لە بەوەبەرایەتی و وەزارەتەکانیاندا دابەشدەکرێت".

ترمپ لە وتارەکیدا ڕایگەیاند، "داوا لە گەلی ئەمریکا دەکەم ئەوەی کە دیموکراتەکان بە وڵاتەکەمانیان کرد، لەبیری نەکەن، کاتێک هەڵبژاردنەکانی نیوەی خول دێت".

داخستنی حکومەتی ئەمریکا، لە 1ی (تشرینی یەکەم/10)ـەوە دەستیپێکرد، ئەوەش دوای شکستی دانوستانەکانی نێوان کۆماریيەکان و دیموکراتەکان لەسەر بودجەی نوێ، لە ئەنجامدا سەدان هەزار کارمەندی فیدراڵی بونە "بێکاری تەکنیکی"، لە کاتێکدا سەدان هەزاری دیکەش بەردەوامیون لە کارکردن بەبێ موچە.